# تایبەت بە کەمپینی بەریتانیا

FEDERATION

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

ژمارەی تایبەت



سەرنووسەری ئەم ژمارە: ڕیبوار عارف

بەم ناونیشانە پەیوەندیمان پێوە بکەن

PL / R A 00300 Helsinki –Finland

Tel : 00358 440464905

fediraq@welho.com


# نا بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران

نامەیەکی ریبوار عارف بۆ وەزیری ناخۆی بەریتانیا

بۆ لاپەرە - ٦ -

نامەیەك بۆ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا

بۆ لاپەرە - ٧ -


ژمارەی تایبەت ٢٦ی ئابی ٢٠٠٥ هەشت لاپەڕە ( 26)th Aug. 2005


## پەیوەست بن بەکەمپینی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەوە بۆ بەرگری کردن لە دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران

No For Deportation



## داکۆکی کردن لەمافی پەنابەری هیچ قەیدو بەندێك هەڵناگرێت !

### لە پەراوێزی (( داکۆکیەکەی )) پارتی و یەکیەتی لە پەنابەران

دیاریدەی ئاوارەبوون زیاتر لە دەهەیەکە بووتە یەکێك لەگەورەترین کێشەو گرفتەکانی کۆمەلگای عیراق بە کوردستانیشەوە . قوربانیای ئەم دیاریدەیە هەر تەنها ئەو هەزاران کەسە نەبوون کە بێ سەروشوێنن یان لە ڕێگەو بانەکاندا گیانیان لەدەستداوە. هەقیقەت ئەوەیە کە هەزاران کەسی تریش پەلکێشی نێو دەریایەك لەمەینەت و نارەحەتی کراوەتەوە. کەهەر لەجیابوونەوەی هەزاران خیزانەوە بگرە کە بەهۆی کاریگەری ئەم دیاریدەیە بووە تا بەشێکی زۆر لە گرفتە دەرونیەکانی مندالانێك کە لە خۆشەویستی وسۆزی باوك و بەرپرسانیان دابڕاون. هەر لە لەچاوەڕوانی مانەوەی ئەندامانی خیزان بۆ سالەهای ساڵەوە بگرە تا جۆرەها گرفتی ئابوری و تا...! دەبیت ئەوەش بلێین کە بە دلنیای ڕووداوی ١١ی سیپتمبەر کاریگەری یەکی یەجگار گەورەی هەبوو لەسەر تووندوتیژکردنەوەی سیاسەتی دژی پەنابەری ئەم وولاتانەو بەکردەوە داخستنی هەموو دەرگاکان بەرووی پەنابەراندو تەنانەت کەم کردنەوە بڕینی هەموو ماف وخزمەت گوزاریەکانیان. ... **بۆ لاپەرە - ٣ -**

## خۆپیشاندانی شکۆداری پەنابەران دژ بەسیاسەتی گەڕانەوە لەهەنگاوی یەکەمدا سەرکەوتووانە کۆتایی هات !

کەمپینی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا لەشاری لەندەن و نونین هام گەورەترین خۆپشاندانی پەنابەرانی بەرپاکرد لەیەکمین هەنگاوی زنجیرەی رووبەرووبوونەوە بەرامبەر بەسیاسەتی دژی ئینسانی دەولەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پەنابەران ،کە لەم ماوەیەدا بەدەیان پەنابەری کورد لەلایەن دەزگاکانی وەزرارەتی ناخۆ لە کاتی چوون بۆ ئیمزاکردن وەیان لە هەڵمەتی شەوانەدا دەستگیرکراون و راپیچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان کراون بە هەدەفی دیپۆرت کردنەوە بۆ کوردستانی عیراق. لەسەر راگەیاندنێکی پێشتری فدراسیۆن ،پەنابەران لەشاری لەندەن رۆژی ٢٠ / ٨ / کات ژمێر ١٢ نیوەرۆ لەبەردەم بارەگای (BBC) کۆبوونەوە بەهەدەفی گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی پەنابەران بۆ نیو ناوەندەکانی راگەیاندن ومیدیاکان لەرێگەیەوە راکیشانی سرنجی گشتی و پشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا لەپەنابەران کە لەچەند رۆژ لەوەو پێشترەوە کەنالی بی بی سی تەبلیغات و رووکاری ناراستی سیاسەتەکانی وەزرارەتی ناخۆی لەگرتنی پەنابەران و دیمەنی کوردستانی نیشان ئەدا کە ئەمنەو و قسەکەرانی دەولەتی هینابۆیە پێش شاشەکانیان بانگەشەیان بۆ دەکرد ، بەپیچەوانەوە فدراسیون بۆ خستنە ڕووی ڕاستی یەکان و .... **بۆ لاپەرە - ٢-**

## لەم ژمارەدا ڕاگەیاندن و چالاکیەکانی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا ، بەرچاوتان دەکەویت !

# نا بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران




**پاشماوەی لاپەرە** وەک بەو پێشلکاریانەی کەدوورە لەهەر پرانسیپێکی نیو دەولەتی و مافی مرۆڤ ،دەولەتی بەریتانیا گەرەکیتی پەیرەوی لێ بکات کۆبوونەوە بەدرۆشمی (نا بۆگەرانەوە ،کوردستان نائەمنە ،ئێمە نامەنەوێ بگەرینەوە بۆ نائەمنترین شۆینی جیهان ،بی بی سی هەواڵی راستی یەکانی نائەمن بوونی کوردستان بلاوبکەنەوە، مافی پەنابەری مافی ئینسانە )لەگەڵ چەندین لافیتەوە و پلاکارتی رازاوە ،کە شەقامەکانی پر کرد بوو لەدەنگی نارەزایەتی پەنابەران لەپێناو بەشکست کیشانی سیاسی دیپۆرت کردنەوە.

شایەنی باسە پەیتاپەیتا پەنابەرانی کورد لەشارە جۆراجۆرەکانی بەریتانیاوە ریزەکانی یەکگرتووی خۆیان یان هینابۆیە مەیدان و رێگای دوریان بریبوو بۆ پەیوەست بووە بەو خۆپشاندانە نارەزایەتیانەی فدراسیۆنەوە، سەرەتا (دەشتی جەمال) بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو لەسەر لایەنە تاڵەکانی دیپۆرت کردنەوە وئاکامە زیان بارەکانی وچوونیەتی رووبەروو بوونەوە بەرامبەر بە سیاسەتی گەرانەوە و ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان قسەو باسی بۆ ئامادەبوان کرد و ئەو چالاکیانەی کەلەو پێناوەدا دەبریتە پێشەوە و بۆ ئایندەیەکی ئینسانی بۆ پەنابەران خستە روو وە لەسەر چالاکیەکانی داهاتوو لەهێنانی پشتیوانی ئەندام پەرلەمان ورێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکانی راگەیاند، هاوکات (جین لامبیرت)لەحزبی سەوزی بەریتانیا و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا کە لەو خۆپشاندانانەدا ئامادەبوو ،ئەوپەری پشتیوانی خۆی راگەیاند لە خواستەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی و ئاماژەی بەوەدا کە لەدەورەی پێشتر دا لەدژ داگیرکاری و شەر بوون لەعیراقدا و نائەمن بوونی عیراق و کوردستانیان راگەیاند و بەڵێنیاندا پشتیوان بن لەپاڵ فدراسیۆن بۆ سەرخستنی چالاکیکانی دژ بەدیپۆرتکردنەوەو بەدیهێنانی خواستەکانی پەنابەران . شایەنی باسە هەمان رۆژ خۆپشاندەران روویان کردە بارەگای گەورەی (BBC) ی سەرتاسەری هەر لەوی دوای قسەو باسی بەرپرسی فدراسیۆن لەگەڵ کارمەندان ناچاربوون لەخۆپشاندەران راپۆرت ئامادەبکەن و بەڵێنیاندا هەواڵەکانی بلاوبکەنەوە، پاشان هەر لەوێ بریاردرا، هەنگاوی دووەم رۆژی هەینی( ٢٦–٨) کاتژمیر ١٢ نیوەرۆ خۆشاندانی گەورە ببریتە بەردەم وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا (هۆم ئۆفیس) بۆ خستنەرووی ئەم خواستانە:

- سیاسەتی دیپورت کردنی پەنابەرانی عیراقی ،دەبێ دەست بەجێ راگیرێ، و دەبی پەنابەرانی عیراقی مافی ئەوەیان پێ بدرێ دیفاع لەخۆیان وەکەیسەکانیان بکەن
- ئازادکردنی دەست بەجی ئەو پەنابەرە عیراقیانەی لەگرتووخانەی دەست بەسەردا راگیراون .
- دانی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کورد و عیراقی بەعنوانی قوربانیانی شەرو نائەمنی لەعیراقدا .
- هەرجۆرە هیرش و لێسەندنەوەی خزمەت گوزاریەکان لەوانە خانووبەرە وەحقوقی سوسیال وەمافی کارکردن) لەپەنابەران دەبێ راگیری و پەنابەرانی عیراقی ئەو مافانەیان دەبێ پاریزراوبیت.

هەمان رۆژ فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری نوتین هام لەگەڵ چەند رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی لەو شارەدا هاوشان بەخۆپشاندانی لەندەن گەورەترین خۆپشاندایان لەناوەراستی ئەو شارەدا ئەنجام دا بۆ بەرگری لەپەنابەری کورد و دژ بەسیاسەتی دەستگیرو دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران و کە دەیان پەنابەرانی کورد لەم خۆپشاندانەدا بەشداریان کرد.

جاسم غفور بەرپرسی فدراسۆن لەو شارەدا قسەو باسی کرد سەرباری پێ داگری لەبەردەوامی ئەم کەمپینە، لەسەر ئەوزاعی عیراق و کوردستان و ادعای ئەمن بوونی کوردستانی بە درۆ خستەوە و لەسەر کاری پێکەوەی وهاوکاری وهاوپشتی ورێکخراو بوونی پەنابەران تاکیدی کرد و هەمان رۆژ کەنالی تەلەفزیوونی بی بی سی میدلانس بەجاسم غفور چاوپێکەوتنی کرد لەسەر خواستەکانی ئەو خۆپشاندانەوە وهەواڵەکەی هەمان رۆژ بلاو کرایەوە.

شایەنی باسە لەم خۆپشاندانە نارەزایەتیانە ٦٠٠ ئیمزا بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کوردو و پشتیوانی لەبەدەست هینانی مافی پەنابەری و دژ بەسیاسەتی دیپۆرت کردنەوە کۆکرایەوە.

**پەنابەران ،خەڵکی ئازادی خواز!**

نابێ رێگە بدرێ بە ئاسانی مافەکانمان زەوت بکرێ و بخریتە نیو زەلکاوی سیاسەتەکانی دەولەتی بەریتانیاوە ،بەهەموو تواناوە پێویستە بەرپێبگیرێ ،خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیاو رێکخراوە ئینسانی و دیفاع لەمافەکانی پەنابەران لایەنێکی تری ئەو هیزەن کە دەتوانن لەگەڵمان بن و پشتیوان بن.

دەولەتی بەریتانیا دەیەویت تۆلەی ئیسلامی سیاسی وتەقانەوە وکوشتارو کردەو نائینسانی یەکانیان لە ئێمە بکاتەوە کە خۆمان قوربانی و باجی هەمە رۆژەی لەعیراق و کوردستاندا ، سیاسەتی جیاکاری و راسیستی دەولەتی بەریتانیا پێویستە ریسوا بکرێ ، هیزی یەکگرتووی ئەمرۆی ئێوە گەورەترین زەنگی یەک خستنی خەباتمانە دژ بەسیاسەتی دیپۆرت کردنەوەو داسەپاندنی مافی پەنابەری ،کۆرکۆبوونەوەکانتان گەرم راگرن رۆژی هەینی رۆژێکی ترە بۆ داکوتانی پەیامی نارەزایەتیمان بەگوێ دەولەتەکەی توونی بلیر بەهەموو توانەوە بەشداری خۆپشاندانی ٢٦–٨ بکەن لە لەندەن ، رێکخرابوون و یەکگرتن وکۆبوونەوە لەدەوری فدراسیۆن مەرجی سەرکەوتنمانە.

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا ٢١–٨–٢٠٠٥**

## فۆرمی بە ئەندام بوون لە فیدراسیوندا

**ناوی سیانی :**

**ناونیشان :**

**ژمارەی تەلفون :**

**ئیمەیل :**

**فاکس :**

**بە ئەندام بوونی لە ئێوە فیدراسیوندا دەبیە هۆی بەهیزبوونی بزوتنەوەی پەنابەری بەدەستهینانی مافەکانمان**

**پاشماوەی لا پەرە یەك :** بەلام بە هەموو ئەو ئاستەنگی و تەنگ پێ هەلچنیناوە، هێشتا تروسکەی ئومێدێك بەدی دەکراو ئەگەری وەرگرتنی مافی پەنابەری، یان لایەنی کەم مافی مانەوەی پەنابەران وەك ئەمرۆ لەبەردەم مەترسیەکی وا گەورەدا نەبوو. بەلام دەبینین کە دوو سالّ پاش ڕووخانی بەعس، دۆخەکە بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و تیڕوانین ولێکدانەوەکانی تا دوێنمان کافی نیە بۆ ناسین و تاوتوێ کردن و بەرپەرچدانەوەی ئەم قوناغە نوێ یە. بە تایبەت بۆ ئیمەو هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان لەبەرەی راوەستانەوەو داکۆکی کردن لەپەنابەران دەبینەوە، پیویست بە هەلویستەیەکی رۆشنترو تا بتوانین نەخشەیەك بەکردەوە دەربهینین کەکاریگەریەکی گەورەیان لەسەر گۆرینی هاوکیشەکانی هەبیت لەبەرژەوەندی پەنابەراندا !

بۆیە لەمبارەوە ئەگەر ئەوە بە فەرز وەربگرین کە سیاسەت و هەلویستی حکومەتی بەریتانیا رۆشنەو پیویستی بە لییکدانەوەو تاوتۆی کردنیکی زیاتر نی یە، ئەوەی کە دەمینیتەوە دەوری پەنابەران خۆیان و حزب و بزوتنەوە سیاسی یەکانی عیراق و کوردستانە کە ئاخۆ دەبیت کەوتبیتینە کۆی ئەم هاوکیشانەوەو چ دەوریکیان هەبیت لە پەیوەند بە دیپۆرت کردنەوەی هەزاران پەنابەری کورد بۆ کوردستانی عیراق ؟

ڕۆشنە ئەمڕۆ عیراقی بندەست حکومەتەکەی ئەمەریکا، مەیدانی کیشمەکێشی سێ حزب و بزوتنەوەی سیاسی کۆمەلایەتی جیاوازەو هەر لایەنیکیان کارنامەیەکی جیاوازی هەبووە لەپەیوەند بەژیان وچارەنووسی پەنابەراندا. ڕەنگە پیویست بەتیارامانیکی تایبەت نەکات بۆ ئاوردانەوە لەدەوری حزب ولایەنە ئیسلامی یانەی بەشدارن لەدەستەلات،یان ئەوانەی دەرەوەی دەستەلات. تیرۆریستانی دەرەوەی دەستەلات بە ئاشکراو بێ هیچ دوو دلّی یەك ڕێگەی ئیرهاب وکوشتارو تەقینەوە تۆقاندنیان دژ بە خەلکی عیراق هەلبژاردوەو پەیامی جەبهەی مقامەوەمەت شتیك نابیت زیاتر لەوەی کەڕۆژانە جەستەی سەدان کەس شەلالی خۆینکەن. شمشیر راکیشانەکانی دۆینی وئەمڕۆی سەدرو لایەنە هاوشیوەکانی تریشیان کە لەدەستەلاتدان نەهیچ خۆش خەیالی یەکیان بە نەیارە سیاسی یەکانی خۆیان هەیەو نەهیچ باکیکیان لە ویران کردنی چەندین فەلوجەی تردا هەیە. ئەوەی ئەوانی لە قاوغەی ئەمرۆدا راگرتووە گەرانە بە دوای فرسەتیکی کونجاوتر بۆ راکیشانی شمشیرەکەی ئیمامی علی بۆ دیاری کردنی سنووری عدالەت. هەروەها ئەگەر هەلویست و کارنامەی نموونەی بالاو بەهیزی ئەم رەوتە کەجەماعەتی جەعفری و دەستەو دائیرەکەی بیت، رەنگە دەستەلاتی ئەم چەند مانگەی رابدرودیان هیچ گومانیکی بۆ کەسانیك نەهیشتبیتەوە کە بەدوای بەرژەوەندی وئامانجەکانی خەلکەوە بیت. ئەوان کە تائیستە کیشەیان لەبەرسمی یەت ناسینی ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان هەبیت، چاوەروانی یەکی بێ بناغەیە ئەگەر پیمان وابیت ئاخۆ چ هەلویستیکی پۆزیتیفیان لەسەر ژیان و چارەنووسی سەدان هەزار پەنابەری کورد زمان لەم وولاتانەدا هەبیت. تا ئەو شوینەی کە حزب ولایەنیك بەکردەوە پێ دەکەویتە مەیدانی هەلویست گرتن و (( بە تەنگەوە چوونی )) ژیان و چارەنووسی پەنابەرانی کورد بەدلنیای پارتی و یەکیەتی یە وەك لایەنی سەرەکی و بەرپرس لە ئاستی حکومەت و دەستەلاتدا. بۆیە جیگەی خۆیەتی کە رۆچوون و قولبوونەوەیەکی زیاتر بکەینە هەوینی باسەکەمان بۆ دیاری کردنی رۆلی ئەم دوو لایەنە لە پەیوەند بە دیپۆرت کردنەوەی پەنابەراندا بۆ کوردستان.

## پارتی و یەکیەتی پشتگیریان لە چی کرد ؟

بەپی ی هەوالەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاوکات لەگەلّ بریاری دەرکردنی ٧٠٠٠ پەنابەری کوردا ، پارتی و یەکیتی هەلویستیان لەسەر ناردنەوەی پەنابەران گرت. بۆیە هەر لە هەمان هەفتەدا مەکتەبی سیاسی هەردوو نووینەرانی خۆیان نارد بۆ دیدارو کوبوونەوە لەگەل وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی بەریتانیاو لەو بارەوە سەرنج ورەخنەی خۆتان لەپەیوەند بە جۆری گەڕانەوەی پەنابەران ڕاگەیاند. بەلام ئەوەی کەلێرەدا جێگەی پەردە لەسەر هەلمالینە، ئامانج و مەرجەکانی قبول کردنی ناردنەوەی پەنابەرانە لە روانگەی ئەم دوولایەنە دەستەلاتدارەی کوردستانەوە. بەدلنیای ئەوەی کە پارتی ویەکیەتی خەونی پیوە دەبینیت ،دەستەبەرکردنی ئامانجە سیاسی یەکانی خۆتانە نەك داکۆکی کردن لە مافەکانی پەنابەران بۆ بەهرمەندبوونیان لەمافی نیشتەجی بوون . بەر لە هەرشتیك ئەوە بلێین کە کال فامیەکی بێ سوودە، گەر کەسێك پێیوابێت ئەم بریارەی حکومەتی بەریتانیا کوتوپڕوبووەو نە حکومەتی عیراق و نە پشکەکەی پارتی و یەکیەتی پیشوەخت ئاگاداری ئەم نەخشەو پیلانە نەبوون. ئاخۆ کێ بەو دۆعایە بلێ ئامین کە پارتی و یەکیەتی تەنانەت ئاگاداری کات و رۆژی دیاری کراوی دیپۆرت کردنەوەی ئەو ٣٣ پەنابەرە نەبوو کە دوابەدوای بریارەکە حکومەتی بەریتانیا لە فرۆکەخانەکەی (( پایتەخت )) بەسلامەتی تەسلیمی کردنەوە. لێکدانەوەیەکی زۆری ناوێت مادام فرۆکەخانەی هەولێر بەپێ ادعاکانی خۆشیان بیت فرۆکەخانەیەکی نیونەتەوەیە، کە واشە . ئەوجا پرسیارەکە ئەوە کە مەگەر فرۆکخانە نیونەتەوەیەکان ستانداردو یاسای تایبەتی خۆیان نی یە؟ مەگەر ، هەر فرۆکەخانەیەکی نیونەتەوەی بەر لە فڕینی ئەو فڕۆکەیە بۆ شەێنی مەبەست ، واتە ئیزگەی نیشتەنەوە، ئاگادار دەکاتەوە کە لە چ دەقیقەو کاتژمیریکدا دەکاتە جێ خۆی . دووەم هەر فرۆکەخانەیەك مافی ئەوەی هەیە کە هەر دەلێکی سیاسی و ئەمنیەتی ڕێگە بەدابەزینی سەرنشینەکانی نیو فرۆکەکە نەدات .پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەی ئەواتە ئەوە چۆنە کە مەکتەبی سیاسی پارتی دواتر نارەزایەتی خۆی ئاراستە دەکەن لەپەیوەند بەناردنەوەی پەنابەران ، ئەی بۆ لەگاتی گەشتینی فرۆکەکەدا ڕێگەیان بە دابەزینی ئەو ٣٣ پەنابەرەدا ؟ ! !

بابینەوە سەر ئامانج و مەرجەکانی پشت پەردەی پارتی و یەکیەتی لەم جۆرە ((پشتگیری کردنەی پەنابەران )).

دیارە ئەو دوو تەوەر کە ئەم دوو لایەنە کردویانەتە محوەری قسەوباسیان ، بەپێ ی راگەیاندنەکانی خۆیان . لەبارەوە هەلویستی رەسمی مەکتەبی سیاسی پارتی بەم شیوەیە کەدەلێ :(( ئەو هەلوێستەی حکومەتی بەریتانیا لەکاتێکدایە کەوا کێشەی دەستوور لەنیوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی عیراق نەبڕاوەتەوەو ئەو ناوچە کورد نشینانەی تائیستا لەژێردەستی حکومەتی عیراقدان لەبارودۆخێکی نائاسایی بێ ئەمنیەتی دەژین و نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان)). هەروەها لە تەوەری دووەمدا یەکیەتی دەلیت (( ناردنەوەی هەزاران لاوی کورد بۆ کوردستان لەکاتێکدایە نەشوێنی ژیان و نەئیش و نەپارەیەکیان بۆ دابینکراوە بۆ ژیان، ئەمە کاریکی هەڵەیە لەبری ئەوەی لەم ڕۆژانەدا دەستی یارمەتی بۆ کوردو حکومەتی کوردستان درێژ بکەن و بۆ ئەم لاوانەی ئێرەش خۆلی لەبواری کۆمپیوتەرو گەشت و گوزراو ئیدارە وکاری پیشەیی یان بۆ بکەنەوە، ئەوا دەیانێرنەوەو دەبنەوە بارگرانی وهەم لەسەر خێزانەکان یان وهەم لەسەر کۆمەلّ وحکومەتی هەریم ..)). ئەمە دەقی هەلویستی پارتی و یەکیەتی یەو نیگەرانی یەکانی ئەوانە لەمەڕ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان. کە نەك تەنها نامۆترین ڕەوشت وهەلویستە بۆ داکۆکردن لەمافی پەنابەری، بەلکو لەڕاستیدا ئەمە ناتوانیت مانایەکی لەوە زیاتری هەبیت کەپارتی ویەکیەتی چۆن مەسەلەی پەنابەری وچارنووسی دەیان هەزار ئینسان دەکەن بەکارتێکی سیاسی ومامەڵە بەژیان وئایندەی ئەم ئینسانانەوە دەکەن. جیگەی خۆیەتی لەمبارەوە ڕون کردنەوەیەکی زیاتر بدەین: یەکەم/ دەیان هەزار ئینسان لەماوەی چەند سالّی ڕابردودا ڕوویان کردوەتە هەندەران کە هەزاران کەسیان لەرێگەو بانەکاندا بوونە قوربانی وگیانیان لەدەستداوە تەنها بە مەبەستی بەهرمەند بوون لە مافی پەنابەری. دووەم / هەزاران کەس کە لە کوردستانەوە ڕوویانکردوەتە هەندەران نەهیچ ڕابردو یەکی سیاسی یان هەیەو نەسەر بە هیچ حزبێکن و نە لایەنگری لە هیچ ئامانجیکی سیاسی دەکەن. ئەی کەواتە بەحوکمی چی وچۆن پارتی و یەکیەتی دەیانەویت کە گەرانەوە یا نەگەرانەوەی پەنابەران بخەنە گرەوی ئەوەی کەئایا چارنووسی هەندێك لەناوچە کورد نشینەکان بەچی دەگات ومەسەلەی ((دەستوور)) بەرەو کوێ دەچێت؟ مەگەر ژمارەی ئەوکەسانە کەمە کەهەلاتنیان لە کوردستان بەهۆی هەلویستی سیاسی وناڕازی بوون لە دەستەلات وبیروڕای جیاوازەوە سەرچاوە دەگریت ؟

یان لایەنی کەم بەهۆی کێشەو گرفتی ئەمنیەتی یەوە، ئیتر ئەو لۆژیکە چی یە کە ئەگەر هاتوو مەسەلەی ئەو ناوچانە گەڕانەوە سەر سنووری کوردستان و یا دەستوور پراوپڕ بە دڵی پارتی ویەکیەتی بوو ئیتر پەنابەران دەستبەرداری مافەکەی خۆیان دەبن وئامادەی خۆیان نیشان دەدەن، بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو کوردستانەی کە تیدا هەلاتوون . سێهەم / ئایا زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە کوردستانەوە هەڵدێن و بەناچاری ڕوو لە ئایندەیەکی نادیار دەکەن، شانیان نەداوە بەر قەرزو قۆلەومال وحالفرۆشتن ودورکەوتنەوە لەجگەر گۆشەو ئازیزانیان وتەنانەت ڕیسککردن بەژیانی خۆیانەوەو دەربازبوون بەنێوکێلگەی مین وتونیل وسەربازگەو کەشتی مەرگ وشاخنەو... دەستو پەنجە نەرمکردن لەگەڵ مەرگدا. ئیتر ئەم حوکمەتان لە کوێ وە هیناوە کە پەنابەران بەوەرگرتنی مقداریك پارە ئامادەی خۆیان نیشان دەدەن کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. چوارەم: ئایا یەکیەتی وپارتی تا ئیستە کەمترین هاوکاری خیزانی ئەو هەزاران پەنابەرەی کردوە کە لە ماوەی ١٤ سالی ڕابردوا لە ڕیگەو بانەکاندا بوونەتە قوربانی؟ نەك هەر ئەمە ئایا یەکیەتی وپارتی تەنیا یەکجاریش لەو مەبەلەغە خۆش بوون کە لەکاتی دیپۆرت کردنەوەیاندا لە ناوچە سنووریەکان لی یان دەسینریت، بۆ کاروباری تەسفیرات. ئەی کەواتە بۆچی و بەپی کام هەق ئەمرۆ داوای پشتگیری کردن ویارمەتی مالی دەکات لەم وولاتانە لەسەر حسابی گەڕانەوەی پەنابەران ؟ پینجەم/ مەسلەیەکی تر ئەوەیە کە هەموو تیۆری گەڕانەوەی پەنابەران لەم وولاتانەدا لەسەر ئەساسی ئاسایش بوونی کوردستان بنیاد نراوە، ئایا پارتی و یەکیەتی بەدەر لە ئامانجە سیاسی یەکانی خۆیان، ئامادەن تەنها جارێك بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەم بەهانە ناڕاست و ناڕەوایە بەدرۆ بخەنەوەو دان بەوەدا بنێن کە کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئارام نیە؟ کە ئەمە لە ڕووی یاسای وعەمەلی یەوە ئیتر کۆتای بەهەر بەهانەیەك دەهێت و فایلی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران بە تەواوی هەڵدەپێچیت . شەشەم / مەسەلەی ماف نیشتەجی بوون یەکیك لەسەرەتایترین مافەکانی ئیسانەو نەهیچ پەیوەندیەکی بە کێشەی دوستوورو فیدرالیزمەوە هەیەو نە بەهیچ ئیمتیازیکی مادی دەگۆردریتەوە . ئەوەی کە چەند سالە ئیوە دەیبینن و بەلام نایبیستن ئەوەیە کە پەنابەران دەلین، بەلێ بۆ ماڤ پەنابەری ونا بۆ گەڕانەوە، بۆیە لەو کاتەدا کە ئیوە نیگەران لەوەی جی بەجێ نەکردنی دەستوورو وەرنەگرتنی ئیمتیازی ئابوری پەنابەران لە شەقامەکانی لەندەنا بەدەنگی بەرز دەڵێن کوردستان ئامن نیەو نامانەویت بگەڕینەوە. ماوەتەوە بڵێن دلنیابن ئەگەر ڕۆژگارێك ئەمنیەت و ئاسایش بالی کێشا بەسەر ژیانی خەلکدا لە کوردستان، ئەگەر ڕۆژگارێك خەڵکی کوردستان بە ماف و ئازادی یەکانی خۆیان گەشتن و




هیچ لایەن ودەستەلاتێك نەبوو کەلەسەر دەربرینی بیرورا، مانگرتن، خۆپیشاندا، ڕیکخراو بوون، ڕەخنەگرتن .. سزای خەلك نەدات وتەقەیان بەسەردا نەکات و بەزیندانیان نەسپێریت و کەژو هەوایەکی ئازادو ئینسانی دەستەبەر کرا، ئەوا ئیتر خەبەریك لە ئاوارە بوونی خەلك نیەو هەرکەس ولاینیك بەشێوەو ڕەوشتنی خۆی، لە شوێنی خۆیەوە هەولدەدات کەبەردەکانی بنیادنانی کۆمەلگایەکی مەدەنی بخاتە سەر یەك و هەر ئەو کاتە بنیادنانی کۆمەلگایەکی پیشکەوتوو ئینسانی دەبێتە ئەرکی سەرشانی هەموولایەکی بەرپرس وئیدی هەر ئەوکاتە خۆری دیاریدەی ئاوارەبوونیش مال ئەوای دەکات!

**ماوەتەوە بلێن کە ئایا کام بزوتنەوەو بەرە داکۆکی کەری واقعی یە لەماف و داخوازیەکانی پەنابەران ؟**

هەندیك جار دۆستانێك دەپرسن ئایا بۆ کاتێك کە فیدراسیون بانگەوازی لایەنەکان دەکات بۆ پشتگیری کردن لە مافەکانی پەنابەران، خەت بە ژێرپێ ی حزب و لایەنە چەپ ڕادیکالەکاندا دینین ؟ بۆ ناکریت هەر یەك ڕەوشت جێ بخەن کە بانگەوازکردنی هەموو لایەنەکان بیت بۆ پشتگیری کردن لە مافەکانمان ؟ ڕوالەتی ئەم پرسیارە خۆ بەخۆ هیچ نادروست نیە و دەکریت واش بێت، بەلام ئەوە خۆشخەیالی یە ئەگەر بێت و پێمان وابێت کە هەموو چین و تویژەکانی نێو کۆمەلگا وەك یەك خۆیان بەبەرپرس دەزانن لە بەرامبەر بە ڕووداو دیاردیدەکانیدا. بە دلنیای هەر چین و تووێژیك و هەر حزب و بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی بەرژەوەندی چینایەتی خۆی هەیەو یە دواس پەهیزکردنی ئەو بەرژەوەندیانەوەیە . بێ دەلیل نیە کە هەمیشە دوو بەرەوە بزوتنەوەی دژ بە یەك بەدی دەکەین لەم کۆمەلگایانەدا لە پەیوەند بە هەلویستگرتن لەسەر هەر دیاریدەیەك . بیگومان بەرژەوەندیەکانی ئەو حزب و بزوتنەوەو لایەنەی کۆنسەرڤەتیڤ و ڕاست و بۆرژوایانەی کە ئەمرۆ بڕیار لەسەر داخستنی سنووری وولاتەکانیان دەدەن بەڕوی پەنابەراندا لەوەش زیاتر بە کردەوە سەرگەرمی

پرۆژەکانی خۆیانن بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران، هەرگیز ناتوانریت بەهەمان شیوەش سەیری هەلویستی ئەو حزب و لایەنانە بکریت کە بە پیچەوانەوە زۆر جار بەبێ بوونی ئیمەش ئەوان سەنگەریان لێداوەو لەبەرابەمەر بەسیاسەتەکانی ئەم حکومەتانەدا ڕاوەستاونەتەوە. بۆیە بۆ ئەوان هەلویستگرتن لە سەر پەنابەران لەنیو شەپۆلی ئەو هیرشانەی تردا دەخوینریتەوە کە ڕۆژانە دەکریتە سەر کریکاران و زەحمتکیشانی ئەم وولاتانە .ئەم شەڕە شەڕو پیکادانیکی فراوانترو ڕەنگە تۆ تەنیا لەو کاتەدا سەرنجت ڕابکیشیت کە قسەیەك لەسەر بەرژەوەندی ئینسانیت دەکریت. ئەگینا هێرش و پەلاماردانیك کە چینە دەستەلاتدارەکانی ئەمرۆی ئەم کۆمەلگایانە کردویانەتە سەر ژیان و گوزەرانی خەلکی و ڕۆژانە خەریکی دانانی نەخشەو پیلانی نوێن بۆ کەم کردنەوە برینی ماف و ئازادیەکانی جەماوەری ملیونی، بۆ کەم کردنەوەی و برینی بیمەو خزمەتگوزاریەکان و بۆ هینانە خوارەوەی هەق دەست و برینی نان و شیری مندالان بۆ کەس شاراوە نی یە کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری لەم نیوەدا دەوریکی کاریگەرو بەرچاوی هەیە هەر وەك چۆن لە کوردستان سەنگەری داکوکی کردن بووە لە ماف وئازادی یەکانی خەلکی، بەهەمان شیوەش لە هەندەرانیش ئەوە ئەوانن کە بەبێ هیچ قەیدوشەرتیك لەسەنگەری پێشەوەدا بۆ داکۆکی کردن لە ماف و داخوازیەکانی پەنابەران . بۆیە بە دلنیای لیکپێچانی خەبات و تیکۆشانی پەنابەران ودەوری پیشڕەوانەی حزبی کۆمۆنیست دەتوانیت هاوکیشەکانی ئەمرۆ تێکبشکینیت و بە پشتیوانەی ئەو بزوتنەوە ڕادیکال و پیشکەوتخوازەی ئەم کۆمەلگایانە نەخشەو پیلانە دژی پەنابەریەکانی حکومەتە هەلپیچین وماف و داخوازیەکانی خۆمان بەدی دینین. مەرجی سەرکەوتنی ئیمە یەکگرتن و ڕیکخراوبوون و هاتنەمەیدانامانەو ئەمرۆ فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ئالایەکی بەرز ڕاگرتووە بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی پەنابەران کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ ئاین و میللەیەت و جنسیەتیك دیفاع لە ماف ئینسانی قوربانیانی شەڕو کوشتارو نابەرابەری و نا عدالەتی و برسیەتی وبیکاری و هەژاری دەکات و جیگەی خۆیەتی لە دەوری ئەم ڕیکخراوە کۆبنەوە تا بەرژانە نیو شەقامەکان و بە دەستەوە گرتنی هەموو ئالیات و میکانیزمە شارستانیەکانی تری خەبات ، مافەکانی خۆمان بە دەست بهینین !

**ڕیبوار عارف ٢٤ / ٨ / ٢٠٠٥**

**مافی پەنابەری مافێکی ئینسانی یە**

## گرتن وگێرانەوەی پەنا پەرانی عیراقی
## سیاسەتێكی نائینسانی یە ودەبێ بەری پێ پگیرێت !

وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا دەیان پەنابەری كوردی عیراقی لەكاتی چوون بۆ ئیمزا كردندا دەستگیر و زیندان كردوەو لە گرتووخانەی دەست بەسەر ڕای گرتوون و بریارە بەپێچەوانەی خواستی خۆیان ڕەوانەی كوردستانیان بكەنەوە. ئەم سیاسەتە بەهاتنە مەیدانی پەنابەران خۆیان و پشتیوانی خەڵكی ئازادی خوازی بەریتانیا دەتوانی پوچەڵ بكرێتەوە و دەبێ شەقامەكان بەدەستەوە بگرین.

لەكاتیكدا عیراق وكوردستان بۆتە سەنتەری چالاك بوونەوەی تیرۆریستان وهەڵسوڕانی چەندین دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی سیاسی ، كەمترین ئاستیان لەئەمنیەت و ئاسایش و ژیانی ڕۆتینی لەبەردەم خەلكی عیراقدا نەهیشتەوە جگە لە نەمانی ئەمنیت و ئاسایشی خەڵك ، نەمانی پێداویستی كانی ژیان ، لە ئاوكارەباو دەیان پیداویستی تر وەلامی داخوازیەكانی خەڵك بەتەقەكردن و كوشتن وەلام دەدەنەوە ،لەمانەش زیاتر ( دەسەلات و دارشتنی دەستور ) خەریكن دەدەن بەدواكەوتووترین هیز ولایەنی ئیسلامی و قەومی عەشیرەتی كە هیچ یان لێ ڕەچاو ناكرێ جگەلە كۆنەپەرستی و مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆو بێ ماف و بێ حقوقی ژنان و مندالان و هەژاری و ژیر پێ نانی مافە ئازادی فەردی و مەدەنی و كومەلایەتی یەكان خەڵكی عیراق، هیچ مافیكی ئازادی وسكولاریزم وژیانێكی باشتر نەك هەر لەدەستوریاندا نی یە، بەڵكو دژیەتی لەگەل سەرەتاترین مافە مەدەنی یەكانی خەڵكی عیراق دەكەن. دەولەتی بەریتانیا وەك لایەنیكی راستەوخۆی شەرو داگیر كاری لەعیراقدا خۆیان سەرچاوەی نائەمنی و ئاسایشی عیراقن ، خۆیان بەناوی هینانی دیمكراسی یەوە نۆینەری سەرۆك عەشیرەتوو ئەحزابی قەومی و دەستەو تاقمی ئیسلامی یەكانیان كۆكردۆتەوە، شەپۆلی رووكردنە هاندەران لایەنیكی بەرهەم وئاكامی راستەخۆی سیاسەتێكە كە دەولەتی بەریتانیا لەعیراقدا بەرێوەی دەبات و لەسەریتی مافی پەنابەری بۆ تەواوی پەنابەرانی عیراقی بەرەسمی بناسیت. بەرگرتن بەسیاسەتی راسیستی دەولەتی بەریتانیا بەرێكخراوەی و خۆرێكخستن وكۆبوونەوە لەدەوری فدراسیۆن وخەباتێكی شارستانیانەوە یەكگرتوو دەتوانی بەر بەم هەلّ مەرجە نالەبارو نائیسنانیانەبگریت، دیپۆرتكردەنەوەی پەنابەران شەرعییەت دانە بەسیاسەتی ئینسان كوژی وحكومەتە نارشەرعی و دەسەكەلاكەیان لەعیراقدا .

**پەنابەران ئازادیخوازان**

باوردۆخیكی زۆر ترساناك بەرۆكی پێ گرتووین و بێ دەنگی و چاوەرانی كردن ئاكامیكی مەترسیداری دەبیت




و پیویستە لەبەرامبەر بەم وەزعەدا رابووەستینەوەو دەنگ هەلبرین. بۆیە دەبیت پێكەوە رێگا نەدەین بەدیپۆرت كردنەوەی پەنابەران، فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا كەمپینێكی فراوانی لە دەستووركاری خۆیدا داناوە كە بەشێوازی جۆراوجۆر دێتە مەیدان و پێ لەسەر ماف وداواكاریەكانی پەنابەرانی كوردو عیراقی دادەگرێت. هەر لەخۆپشاندان و كۆبوونەوە و ئیمزاكۆكردنەوەو ڕاكیشانی پشتیوانی بۆ ئەم مەبەستە راگەیاندوە پشتیوانی لێ بكەن بەهیزی بكەن ، ئامانجی ئەم كەمپینە داواكاری دەست بەجی ئازاد كردنی پەنابەرانی عیراقی لەگرتووخانەكان و بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری بۆ بەنابەرانی كوردو عیراقی وجیگەی خۆیەتی كە هەر ئینسانیكی شەریف و ئازادیخواز پێوەی پەیوەست بیت. دەولەتی بەریتانیا ئەمجارە دەیەوێت بەفشاری وەلامی رەفزو لێ سەندنەوەی خزمەت گوزاری خانوبەرو حقوقی پەنابەران وگرتن لەكاتی ئیمزاكردن لە پۆلیس، پەنابەران ناچار بكات بەملدان بەگیرانەوەی بەناو ئارەزوومەندانەوەو هەڵبژاردنی گەرانەوە بۆ كۆمەڵگایەك كە هیچ دەسەلات و ئەمنیتێكی تیا بەدی ناكریت . پەنابەرانی كوردو عیراقی لە هەموو كات زیاتر پێویستیان بەپشتیوانی هیزی پێشكەوتوخواز و ئینسانی بەریتانیا هەیە بۆ بەرگرتن بەسیاسەتی راسیستی و دژی ئینسانی دەولەتی بەریتانیا لەگەلماندا لەم كەمپینە بەشداری بكەن و دەنگتان بخەنە پال دەنگمان .

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا ١٨-٨-٢٠٠٥**

## فیدراسیون پێویستي به كۆمەكی مالی ئێودیه !

ثەنابەران ، ئازادیخوازان

**بڕیاری حكومەتی بەریتانیا لەپەیوەند بەدیپۆرتكردنەوەی هەزاران پەنابەری كوردی عیراقی و بۆ ئەو شوینەی كە لیوەی هەلهاتوون تەنانەت دەست بەكار بوون لەمبارەوە دیپۆرت كردنەوەی ٣٣ پەنابەر زەنگی سیاسەتیكی مەترسی دارەو ئەگەر بیت بە راشكاوانەترین شیوە نەیەنیە مەیدان، بەدلنیای ئەوان هیچ گومانیكیان لە عەمەلی كردنەوەی نەخشەكانی خۆیان نی یەو لە نزیكترین كات لە هەلپەی دیپۆرتكردنەوەی پەنابەران دەبن بەزۆر .**
**رابرودوی خەبات و تیكۆشانی فیدراسیون وەك ریكخراویكی پەیگیرو بێ هیچ قەیدوشەرتیك داكۆكی لەماف وداخوازیەكانی پەنابەران دەكان لەمەیدانایە بۆ رووبەرووبوونەوە دژ بەهەر بڕیاریكی زیانبارەوە بۆ پەنابەران . بۆیە ئیستەش فیدراسیون وەك هەمیشە لە پیشی سەنگەری تیكۆشاندایە دژ بە بڕیاری حكومەتی بەریتانیاو بەراگەیاندنی كەمپنیكی سەرتاسەری بۆ دیفاع كردن لەمافی پەنابەرانی كوردو عیراقی جێ ی خۆیەتی كە ئیوەش لەم بارەوە دەوریكی كاریگەرو چارەنووسازتان هەبێ بۆ بەسەركەوتن گەیاندنی ئەم كەمپینە!**

**<u>پەنابەرانی بەریز ئازادیخوازان</u>**

**بەدلنیای یەوە بۆ دەست بەكاربوونی كەمپینیكی لەو چەشنە مەزن، پیویستمان بەهەر جۆرە هاوكاری وكۆمەكیكی مادی ومعنەوی دەبیت، بۆیە بەهیواین كەلە سونگەی خۆ بەرپرس زانینتانەوە بەمەبەستی چارەسەركردنی كیشەكان وریگرتن لە مەترسی دیپۆرتكردنەوە پەنابەران بەدلنیای كۆمەكی مالی یەكانتان دەوریكی گرنگی دەبێ لەبەسەركەوتن گەیاندنی ئەم كەمپینەدا ، بۆیە چاوەرانی هیمەتانین !**

## دەتوانن كۆمەكی مالی یەكانتان بەم نانیشانە بنیرین :

-NAME: THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES AND IMMIGRANTS COUNCI
- ADDREES : P L 3 , 00391
- CITI : HELSINKI
- COUNTRY : FINLAND
- ACCOUNT NUMBER :F1558000-1470212284
- BANK CODE :WIFT: PSPBFIHH
-BANKS NAME : SAMPO BANK.HELSINKI

## نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا
## بابەت : دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردی

پاش سلاو !

بێگومان بەڕێزتان ئاگادارن لەم ڕۆژانەدا پۆلیسی حکومەتی بەریتانیا کەوتووتە ڕەشبگیری پەنابەرانی کوردی عیراقی و لەکاتی سەردانی پۆلیس بۆ ئیمزاکردن ژمارەیەکی زۆریان لێدەستگیرکراوەو هاوکات هەمووشیان لەبەردەم هەڕەشەی دیپۆرت کردنەوەدان. بەلام ڕێگە بدەن ئەو پرسیارە بخەینە بەردەست بەڕیزتان وبلێن کە ئایا بەتەمان هەزاران پەنابەر بۆ کام وولات بنێرنەوەو بەپشتیوانی کام یاسای نیونەتەوەی دەتوانن بە زۆر پەنابەران دیپۆرت بکەنەوە؟ بەم بڕیارە بەکردوە حکومەتی بەریتانیا بەرپرس دەکات لە پیشلکردنی ماف نیشتەجی بوونی ئەو کەسانەوپیشیلکردنی بریارنامەکانی جنیفی ١٩٥١ و جارنامەی ماف مرۆڤ !

دلنیام خستنە ڕووی ئەم پرسیارە ڕاستەخۆ پەلکێشمان دەکاتە نیو ئەو جەهنەمەوە کە حکومەتی بەریتانیا پشکی شێری بەر کەوتووە لە خۆلقاندیدا. حکومەتێك کە دەیان ساڵ بوو پشت وپەنای حکومەتی عیراق بوون و چاوی لە دەیان کارەسات وجینۆسایدی بەعس نووقاند دژ بەخەڵگی عیراق، کەچی لەپڕ دوو ساڵ لەمەوبەر بەو ئاکامە دەگەن کە سەرانی بەعس وحکومەتەکەی دیکتاتۆرن ودەبێت خەلکی عیراق لەشەڕی ئەمانە ڕزگار بکەن. بەهەرحال ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خەلکی عیراق دلی بەوە خۆش بوو کە گۆربەگۆرکردنی بەعس دەبیتە هەوێنی دەستەبەرکردنی مافە سەرەتای یەکانیان وئیتر وەك ئینسان دەژین. بەلام بەڕاستی ئێستەپرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا پاش ڕووخانی ئەو دیکتاتورە دیموکراسی و بەهاکانی ئینسان وعدالەت وماف پەروەری گەراوەیەوە بۆ خەلکی عیراق، یان سیناریۆیەکی ڕەش ٢٥ ملیون ئینسانی پەلکێش کردوەتە بەردەم گەورەترین تراژیدیاو ڕۆژانە سەدان کەسی خەلکی عیراق دەکرێتە قوربانی سیاسەتەکانی هێزەکانی هاوپەیمان و مقاوەمەتی بەرەی تیرۆریستی بەرامبەریان. کەچی ئیستە دەتانەویت هەزاران کەس لە دانیشتوانی ئەو وولاتەی کە خەلکەکەی لەدەست ئەو دۆخە ناچار بە هەلهاتن بوو، دەیانەویت دیپۆرتیان بکەنەوە بۆ ناوچەیەك کە گوایە ئاسایشی تیدا بەرقەرارە !!

جێگەی خۆیەتی لێرەدا هەلوێستەیەك بکەین لەسەر ادعایەك کە حکومەتی بەریتانیا دەکات لەپەیوەند بە بوونی ئاسایش لە بەشێکی ئەم وولاتەدا کە ناوچەکانی کوردستانی عیراقە. با لەوەی گەڕێن کە گەندەلی سیاسی و ئیداری و ئابوری دەستەلات و حکومەتی ئەم ناوچەیە بە چ ئاستێکی کەم وێنە گەشتووەو چۆن باجی هەموو ئەو بارودۆخەش دانیشتوانی خەلکی ئەم دەڤەرە دەیدەن وتەنانەت کار بەجێ یەکگەشتووە کەخەلکی ئاو، کارەبا و سووتەمەنی نەبێت و لەسەر دەربڕینی بیروڕا، خۆپیشاندان، مانگرتن و ڕەخنەگرتن لە کونجی زیندانا خەلکەی تووندبکریت وخەبەریك لەماف وئازادی یەکانیان نەبێت کەچی هێشتا حکومەتی بەریتانیا هەر لەبەر ئەوەی کە بەرژەوەندی وا دەگونجیت بڕیاری گەڕانەوەی هەزاران ئینسان بدات بۆ وولاتیك کە نەك هەر هیچ ئەمنیەت وئاسایشیکی تیدانیە بەڵکو لەڕاستیدا پەرە سەندنی کۆرو کۆمەڵە تیرۆریست و ئیرهابیەکان هیچ ئومێدیکی بۆ هێورکردنەوەی ئەم ناوچەیەش نەهیشتووەتەوە. مەگەر ئیوە خۆتان ئاگاداری ئیرهاب و تیرۆری تەقینەوەی زۆریك لە شارەکانی ئەم ناچەیە نین؟ مەگەر حکومەتی بەریتانیا ئاگاداری قولای ئەو بێ یاساییە نیە کە ئەم ناوچەیەی چۆن وچەند نا ئارام کردوە. هەروەها سەپاندنی دەستەلاتی قەوم هۆزو عەشیرەت و هەرلایەنێك بۆخۆی بەپێ داب ونەریت و سنووری دەستەلاتی خۆی چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دەدات. خۆ ڕەنگە ئاگاداری ئەوەبن کە ئەم ناوچەیە بەسەر دەستەلاتی چەند حزب و هێزی ملیشا دابەشکراوە کەزۆرجار خۆ تەسلیم کردنی چەکداری لایەنیك بە لایەنێکی تر دەبێتە هەوێنی ئەزمەو کێشمەکێشێکی جدی لەنیوانان.

لە هەموو ئەمانەش بگوزەرین ئایا حکومەتی بەریتانیا چەند دە ساڵە بریارنامەی جنیفی ١٩٥١ و جارنامەی ماف مرۆڤی پەسەندکردوە، کەوا ئەمرۆ بە ئاسانی ڕێگە بەخۆی دەدات پشت لەهەموو پرنسیپ و بنەماکانی ئەو پەسەندکراوانە بکات وپەنابەران دەستگیربکات و بڕیاری دیپۆرت کردنەوەیان بدات بۆ وولاتیکدا کە نەك هەر شەڕو کوشتارو تیرۆرو نائەمنی تەنگی بە ژیانی خەلکەکەی هەلچنیووە، بەڵکو لەڕاستیدا بەهۆی سیاسەتی دابەش کردنی عیراق بەسەر عەشیرەت وقەوم ودین و تایفەدا، ئەم کۆمەلگایە لەبەردەم گەورەترین مەترسی شەڕی ناوخۆدا ڕاوەستاوە. وولاتیك لەو کاتەوە کە هێزە هاوپەیمانەکان چوون بۆ ((ڕزگارکردنی))، زیاتر لەسەدا هەزار ئینسانی تیدا کراوەتە قوربانی ولەباتی ڕزگار بوون لەدەست دیکاتاتوریك چەندین دیکتاتوری تر جێگرتووەتەوە. وولاتیك کە ئەمرۆ چاو لەهەموو نائەمن بوونێکی دەنوقێنرێت و دەخریتە بەردەم داڕاتی دەستوور، دەستووریك کەبەر لە هەرشیتك ئەوەی بۆ هەموو لایەك ڕۆشنکردوەتەوە کە نەك هەر حکومەتی ئایندەی عیراق حکومەتیکی ئیسلامی یە بەڵکو فەرمان ڕەوابوونی شەریعەتی ئیسلام ژنان لە سایەیدا دەبنە کۆیلەو پلە دوو سێ. هەربۆیە بەکردوە ئەمڕۆ پیوانەی ڕزگاربوونی عیراق بە هیمای دەستەلاتداربوونی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیران دەپیوریت، کە هەموو لایەك باش دەزانیت کە ئەم حکومەتەوە لەمیژووی دەستەلاتداریەتی خۆیدا چ دەورەیکی مەترسیداری هەبوو لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی تیرۆریزم لە ئاستی جیهاندا.

بەڕێزان ئێمە دلنیاین لەوەی کە خەلکی بەریتانیا پاش تەقینەوەکانی ئەم دوایانە دووچاری دڵەڕاوکەو نیگەرانی بوون، بەلام نابێت و ناکرێت حکومەت و وەزارەتی ناخۆ باجی ئەو تەقینانەوە بخاتە سەر شانی کەسانێك کە خۆیان چەندینە ساڵە بوونەتە قوربانی تەقینەوەو تیرۆرو ئیرهاب و دیکتاتوریەت. دەبوو ئەم ئاراستە پیچەوانەکەی بوایە حکومەت پاش تەقینەوەکانی ئەم دوایانە ڕیشە کێشی کۆرو کۆمەلە ئیسلامیە تیرۆریستەکانی بکردایە، نەك قوربانیانی تیرۆرو ئیرهاب جاریکی تریش لەبەریتانیا بکەنەوە قوربانی وبڕیاری دیپۆرکردنەوەیان بدەن .

بۆیە ئیمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داواتان لیٚ دەکەین کە جارێکی تر چاوبگێرنەوە بەسەر بڕیارەکەتانداو سەرباری لغوکردنەوەی هاوکات هەموو ئەو کەسانە لە ماف پەنابەری بەهرەمەند بکەن کە بەهۆی شەڕو کوشتارو نائەمنی یەوە ناچار بە ڕوو کردنە هەندەران و گیراسانەوە بوون لە وولاتەکەی ئیوەدا .

بەهیوای هاوکاریتان

ریبوار عارف

سکرتێری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

١٩ / ٨ / ٢٠٠٥

نسخەی ئەم نامە بۆ کۆمسیونی ماف مرۆڤ لە ئەورووپا

ریکخراوەی بالای نەتەوە یەکگتووەکان

ئەمنستی ئەنتەرناسیونال




ڕاگەیاندووە داواتان لیٚ دەکەین کە ئێوەش بە دەوری خۆتان دەنگ هەلبڕن دژ بەم پێشێلکاریانەی ماف مرۆڤ و بەتووندی ئیدانەی ئەم سیاسەتەی حکومەتی بەریتانیا بکەن لەپەیوەند بەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەران و هەروەها خوازیاری لغوکردنەوەی دەست بەجێ ی ئەو بڕیارەبن و لەمانەش گرنگتر داواتان لێدەکەین کەبەحوکمی باروخی نا ئەمنی عیراق بەکوردستانیشەوە خوازیاری بەرسمی یەت ناسینی ماف پەنابەری بن بۆ هەموو پەنابەرانی کوردو عیراقی لەبەریتانیا . هاوپیچ لەگەل ئەم نامەیەدا، نسخەی نامەیەکی ئاراستە کراو بۆ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا بە دەستتان دەگات .

لەگەل ڕێزی دووبارەمان، بەهیوای داکۆکیکردن و بەرزنرخاندنی مافەکانی پەنابەرانین وەك بەشێك لەمافەکانی ئینسان لەلایەن بەڕێزتانەوە.

ریبوار عارف

سکرتێری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

٢١ / ٨ / ٢٠٠٥

## خۆپشاندانی نارەزایەتی دژ بە بریاری گێرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی

## ئێمە نامانەوێ بمان نێرنەوە

دەولەتی بەریتانیا بەدور لەهەر پرەنسیپێکی ئینسانی و بەزۆر دەیەوێت پەنابەرانی کوردی عیراقی ئەوانەی کەیسەکانیان داخراوە وەیان وەلامی ڕەفزیان وەرگرتووە بگێرێتەوە بۆ کوردستان . کە نزیك بە ٧ هەزار پەنابەری عیراقی ئیستە لەبەردەم مەترسی گەرانەوەدایە. ئەم بریارە پێچەوانەیە بە بریارنامەی جنیفی ١٩٥١ وجارنامەی مافی مرۆڤ ، ئەمە گەورەترین شەرمە بۆ دەولەتی بەریتانیا کەمافی نیشتەجێ بوون کە سەرەتاترین مافی ئینسانە پێشیل دەکات. ئەم سیاسەتە بەهاتنە مەیدانی پەنابەران وپشتیوانی خەلکی ئازادیخوازی بەریتانیا دەتوانێ رابگیرێ . وەرن لەم خۆپیشاندانانەدا بۆ ئەو مەبەستانەی کە ئاماژە پێ دراوە بەهەموو تواناتانەوە بەشداری بکەن.

وەرن بۆ بەدەست هێنانی خواست و مافە ئینسانی یەکانتان لەدەوری یەکتر کۆبنەوە وخەباتی خۆتان یەکخەن لەدەوری فدراسیۆن. لەم رێگایەدا ڕیزێکی بەرین لەخەلکی ئازادیخواز و رێکخراوە ئینسانی وکریکاری و پێشکەوتنخوازەکانی لەبەریتانیاو جیهان لەگەلماندان !

### خواست و داواکاریەکا نمان :

- سیاسەتی دیپورت کردنی پەنابەرانی عیراقی، دەبێ دەست بەجێ راگیرێ ، دەبێ پەنابەرانی عیراقی مافی ئەوەیان پێ بدرێ دیفاع لەخۆیان وەکەیسەکانیان بکەن .
- ئازاد کردنی دەست بەجی ئەو پەنابەرە عیراقیانەی لەگرتووخانەی دەست بەسەردا راگیراون.
- دانی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کورد و عیراقی بەعنوانی قوربانیانی شەرو نائەمنی لەعیراقدا .
- هەرجۆرە هیرش وەلێسەندنەوەی خزمەت گوزاریەکان لەوانە( خانووبەرە وەحقوقی سوسیال وەمافی کارکردن) لەپەنابەران دەبێ راگیری وپەنابەرانی عیراقی ئەو مافانەیان دەبێ پاریزراوبیت.

کات وشۆینی خۆپشاندان لە لەندەن بەردەم هۆم ئۆفیس

**کاتژمیر١٢ نیوەرۆ تا ٢ پاش نیوەرۆ ، رۆژی ٢٦ – ٨ -٢٠٠٥**

**شۆین :** 2MARSHAN Street ,London SW1P 4DF

**نزیکترین ئیستگای قیتاری :** Westminster **لەسەر خەتی رەساسی یان سەوز و پاسی ٢٤و١١و١٤٨و٢١١ .**

**شاری مانچستەر خۆپشاندان بۆ هەمان مەبەست ، رۆژی ٢٥-٨-٢٠٠٥ کاتژمیری ٢ پاش نیوەرۆ شۆینی کۆبوونەوە ( باخی پیکادلی ) .**

**سەرکەوتنی بزووتنەوەی پەنابەری لەگرەوی هاتنە مەیدانی هیزێکی سەرتاسەری و یەکخستنی ریزەکا نماندایە !**

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا**

**بۆ زیار زانیاری لەسەر ئەم کەمپینە بە دەشتي جەمال بەژمارەی (٠٧٧٣٤٧٠٤٧٤٢) یان بە سامان سەردەم بە ژمارەی(٠٧٧٩٩٥٠٧١٤١) یان بە سەعدی حەسەن بەژمارەی( ٠٧٨٨٣٧٣٥٨٩٧) لەلەندەن،وە لەمانچستەر بە بورهان فەتاح بەژمارەی(٠٧٨٦٦٧٥٧٢١٣) ،لەنوتین هام بە جاسم غفور بەژمارەی (٠٧٧٣٩٣٣٨١٧٨) لەشاری ستۆك ئۆن ترینت بە حمە داود بەژمارەی ٠٧٧٤٢٣٩٤٧٤٦) پەیوەندی بگرن.**

www.federasion.org d.jamal@ntlworld.com

---

**بۆ کۆمسیونی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا**
**بابەت : دیپۆرت کردنەوەی ٣٣ پەنابەری**

بەریزان بە پێویستمان زانی وەك لایەنیکی بەرپرس بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ، بە ئاگاداریتان بگەیەنین، کە بەپێ ی ئەو هەولەلانەی لە کوردستانی عیراقەوە بە دەستمان گەشتووە. حکومەتی بەریتانیا چەند ڕۆژ لەمەوبەر٣٣ پەنابەری کوردی دیپۆرتی کوردستانی عیراق کردوەتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەتی بەریتانیا بەنیازی دیپۆرتکردنەوەی نزیکەی ٧٠٠٠ پەنابەری کوردی عیراقی یە کە سەرباری سالەها چاوەڕوانی کردن تا ئێستە لە مافی پەنابەری بەهرمەند نەبوو .

بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران و عەمەلی کردنەوەی دیپۆرتی ٣٣ پەنابەر لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان، ئەگەرچی ئەم کردەوەیە بۆ یەکەم جارە کەڕاستەخۆ یەکێك لەوولاتانی ئەوروپا هاوکات لەگەل بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەراندا هەنگاوی بەکردوە بنێن بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانیان. بەلام ئەگەر بێت و بە توندی هەموو لایەکمان بەرپەرچی ئەم کردەوەیە نەدەینەوەو نەیەینە مەیدان دژ بەم سیاسەتە نا ئینسانیە بەدلنیای نەك تەنیا دیپۆرتکردنەوە هەڕەشە لە ژیان و چارەنووسی ٧٠٠٠ پەنابەری تر دەکات لەبەریتانیا، بەلکو ئەمە سەرەتایەك دەبێت بۆ دیپۆرتکردنەوەی دەیان هەزار پەنابەری کوردو عیراق لە وولاتانی تری ئەوروپاوە بۆ وولاتیك کە هەر ڕۆژە سەدان کەسی تیدا دەکرێتە قوربانی سیاسەت و ئامانجەکانی ئەم وولاتانە کە خۆیان بوونەتە بەشێك لەسیناریۆی ڕەشی کۆمەلگای عیراق. لەمبارەوە ئاشکرایە لەماوەی دوو سالی ڕابردودا زیاتر لە سەد هەزار ئینسان بوونەتە قوربانی سیاسەتی وولاتانی هاوپەیمان وبەرەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی. هەروەها ڕەنگە خۆتان ئاگاداری بارودخی سیاسی و ئەمنی کوردستان وعیراق بن. بۆیە زۆر پێویست بە ڕوونکردنەوەو بەرچاوخستنی ئەو واقعە تالە ناکات کە چۆن ڕۆژانە سەدان ئینسان تیدا دەبێتە قوربانی. بۆیە ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت بیلێن و ئەوەیە کەداواتان لێدەکەین بەحوکمی ئەرکێك کەخستووتانە سەرشانتانە کەداکۆکی کردنە لە مافەکانی ئینسان، کەبیگۆمان یەکیك لەو مافانە مافی پەنابەری یە، بەدواچوونتان هەبێت لەسەر ئەم پیشلیکاری یەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، وە بە توندی نارەزایەتی خۆتان دەربرن دژ بەبڕیاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی و عەمەلی کردنەوەی ئەم کارە لە ئاستی دیپۆرت کردنەوەی ٣٣ پەنابەردا لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە .

بەڕێزان ئێمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ماوەی چەندڕۆژێکە کەمپینێکمان بۆ ڕاوەستانەوە دژ بەم سیاسەتەی حکومەتی بەریتانیا... **بۆلاپەڕە= ٦ =**

## چالاکی یەکانی کەمپینی فدراسیۆن دژ بەگەڕانەوەی پەنابەرانی عیراقی

بەدوای ڕاگەیاندنەکانی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیاو دەستدانە هێرشیگرتن بۆ سەر پەنابەرانی کوردی عیراقی بەمەبەستی گرتن وڕاپیچکردنیان بۆ نێو گرتووخانەکان. ئەمەبووە مایەی سەرهەلدانی دلّەراوکێ و نیگەرانیەکی گەورە بۆ پەنابەران وترسی ئەگەری دیپورت کردنەوە بووە تارمایەکی کوشندە. لەمبارەوە فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کەمپێنیکی بەرفراوانی پیچەوانەی ئەم ئاراستەیە دەست پیکردووەو لەیەکەمین رۆژەکانی خۆیدا سەرجەم شارەکانی بەریتانیا دەستی داوەتە چالاکی جۆراوجۆر وپەیتا پەیتا پەنابەرانی کورد وعیراقی پیوەی پەیوەست بوون وخۆیان ئامادەکردووە بۆ روو بەرووبونەوە بەرانبەر بەسیاستە دژی ئینسانیەکانی حکومەتی بەریتانیا. لێرەدا بەشێك لەو چالاکیانە دەخوینەوە : ☛



*– بلاوکردنەوەی راگەیاندنی خۆپیشاندان لەچەند شاری بریتانیا لەوانە لندن، نوتیگهام، ستۆك ئون ترین، مانچستر، بیرمنگهانم و...ئەم خۆپیشاندانانە بۆ بەردەم ئۆفیسەکانی وەزارەتی ناوخۆ و کەنالی راگەیاندنی بیبی سی بەریدەخری..

*– بلاوکردنەوەی دەیان بەیننامەو بانگەواز بەزمانەکانی عربی و کوردی وئینگلیزی بۆ نیو جالیەی کوردی وعەرەبی وهەروەها بانگەواز بۆ پشتیوانی کردنی ریکخراوە مرۆڤدۆست وچەپ وئینسانی یەکان و ئەحزاب وئەندام پەرلەمانەکانی بریتانیا تالەپال خۆاستەکانی پەنابەران و فیدراسیۆندا رابووەستن.

*– لەئاکامی بانگەوازی راگەیاندنی کەمپینی فدراسیۆن بۆ بەرگری لەپەنابەرانی عیراقی ئەمرۆ (جین لامبیرت)ئەندامی پەرلەمانی ئەورپا ئامادەی خۆی راگەیاند بۆ بەشداری لەخۆپشاندانی کەمپینی فدراسیۆن دژ بەگەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی و پشتیوانی لەپەنابەران ،هاوکات رێکخراوی مافی مرۆڤ راگەیاندنەکانی وەزرارەتی ناخۆی بەریتانیایان بەدرۆ خستوە لەسەر ئەمن بوونی بەشێکی عیراق فدراسیۆن تەواوی دام ودەزگاکانی راگەیاندنی مخلی و جیهانی لەسەر ئەم کردەوە نائیسانیانەی کە ماوەیەکە گیراوە تەبەر بەرامبەر پەنابەرانی عیراقی ئاگادارکردوە ، هاوکات هەلّسوراوانی فدراسیۆن لەسەنتەری شاری نوتین هام و لەندەن خۆپشاندانیان راگەیاند.

*– کەنالی سەتەلایتی (الجزیرە) لەگەل بەرپرسی فدراسیۆن و کۆمەلّێك لە پەنابەران لەبەریتانیا لەسەر ئەو هەنگاوانەی دەولەتی بەریتانیا گرتۆتی بەر بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی عیراقی ئاگادارکردەوە ،هەر ئەمرۆ هەوالّەکەی بلاوکرایەوەو .

*– کەمپینی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ بەرگری لەخواستە ئینسانی یەکانی پەنابەران لەنیو شارەکاندا دەست بەدەست کۆدەکریتەوە. فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی کەهەمیشە لەریزی پێشەوەی خواست و نارەزایەتیکانی پەنابەراندا راوەستاوە، سەنگەریکە بۆ پەنابەران کەلەئیستاو داهاتوودا لەتەنگوچەلەمەکانی پەنابەریتی وپەلامارەکانی دەولەت دەریان بکیشیت.

## هەموو پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا، دەتوانن ئەم فۆرمە پربکەنەوە

### شکاتنامە لە پویەند بە بریاری دیپورتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستانی عیراقی

**من کە ناوم لە بەرواری هاتوومەتە بەریتانیا، هەروەها لەبەرواری داوای مافی پەنـاریم کردوە.**

**هۆکاری ئاوارەبوون : ( هەر کام لەم حالەتانەیە، دەتوانیت بیخەیتە ئەم نیشانەیەی لەبەردەمدا دابنیت ✓ ) .**

- **سیاسی**
- **کۆمەلایەتی**
- **ئابوری**
- **ئەمنیەتی**
-

**تا ئیستە جار وەلامی ڕەفزم وەرگرتووەتەوە !**

**وەلامی رەفزی جاری یەکەم : لەبەرواری ......**

**وەلامی رەفزی جاری دووەم : لەبەرواری ......**

**وەلامی رفزی جاری سیهەم : لەبەرواری ......**

**هیشتا وەلامم وەرنەگرتووەتەوە !**

**هۆکاری رفزکردنەوەم کە پیان ڕاگەیاندوم بریتی یە لە : (**

**)**

**من بە تووندی نارەزایەتی خۆم دژ بەو بریارەی حکومەتی بەریتانیا دەردەبرم لە پەیوەند بە ناردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستانی عیراق بە دەلی ئەوەی کە**

**١- کوردستانی عیراق بەهیچ شێوەیەك ناوچەیەکی ئاسایش نیە !**

**٢- ئەم بریارە پیشلکردنی مافەکانی مرۆڤە، بە تایبەت مافی نیشتەجی بوون، بۆیە ئێمە بەتووندی ڕووبەڕووی ڕادەوەستینەوە !**

**هەروەها ئیمە سەرباری بە تووندی نارەزای دەربرینی خۆمان لەبەرامبەر بەبریاری دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کورد، بۆ کوردستانی عیراق. هاوکات خوازیاری لیکۆلّینەوەو بەدواچوونیشداین لە پەیوەند بە بەزۆر ناردنەوەی ئەو ٣٣ پەنابەرەی کە لەسەرەتای دەرکردنی ئەم بریارەدا دیپۆرت کرانەوە بۆ کوردستانی عیراق. هەروەها خوازیای لفوکردنەوەی هەرجۆرە بریاریکی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانین داوای ڕێزلێگرتن و جی بەجێ کردنی بریانامەکانی جنیفی ١٩٥١ و جارنامەی مافی مرۆڤ دەکەین.**

**ژمارەی تەلفون :**

**ئادرس :**

**ئیمیل :**

**فاکس :**

**ئیمزا**